# له تەلارسازیی شارستانییانەوە بۆ "هەیکەلسازی"ی بێ کولتوور..

ڕێبوار سیوەیلی



٢٠ی کانوونی دووەم ٢٠٢٤ وتار

1

ڕۆمانەکان شاری زۆریان دروست کردن و گریکەکان بە دامەزرێنەری تەلارسازی و شارسازانی مۆدێرن ئەژمار کراون، لە ئێستاشدا سەرمایەدارییەت لە هووشیارییەکی ئەقڵانییەوە دەست پێ دەکات و بۆ ئەوەی پارە پەیدا بکات، پاشان لە پارە کولتوور بەرهەم دەهێنێت. لە کۆندا شکۆ و سەرفرازی پێش پارە دەکەوت و لە جیهانی نویشدا پارە و سامان

بنەمای دانایی و زانستن، هەر بۆیەشە لە جیهانی سەرمایەداریدا کەم پرۆژەی سەرمایەی مادیی لە بواری تەلارسازیدا هەیە، لە هەمان کاتیشدا وەك بەرهەمێکی هونەری لێك نەدرێتەوە. ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە بۆ سەرمایەدارییەت پارە دوائامانج نییە ئەگەر نەتوانرێت بکرێتە سەرمایەی ڕەمزی (Symbolic Capital) وەك ئەوەی پیەر بۆردیۆی کۆمەڵناسی فەرەنسی. فێری کردووین[1]. سەرمایەی ڕەمزی هەمیشە دەکرێتەوە پارە و لە پارەش زیاتر بەهای هەیە، چونکە ئەو ڕەمزییەتەی دەیبەخشێت بە بەرهەمەکانی، جەوهەری ئەوان ناگۆڕێت، بەڵام بەهاکەیان بەرز دەکاتەوە. لێرەوە، مۆزەخانەیەك، یان هوتێلێك، یان ڕیستۆرانتێك و یاریگەیەکی منداڵان، گوندێکی نوێ، مۆڵەکان، یانەکانی ئەسپسواری و.. هەر تەنیا دروستکردنی بینایە و تەلار نییە، بەڵکوو لەبیربردنەوەی چوارچێوەی تەلارسازیبوونە کارکردییەکەیەتی بە پیشاندانی وەك شتێکی دیکە، وەك بەرهەمێکی هونەری کە دانسقەیی خۆی هەیە و بە جۆرێکی دیکە فەزاسازی کردووە. تەنانەت ئەم فەزاسازییە لە وڵاتانی دەرەوە، لە ژێرزەمین و شوێنی ڕاوەستانی شەمەندەفەرەکان، لە سازدانی بوورجەکان، لە دروستکردنی دەریاچەی دەستکرد، شەقامەرێکان و ڕازاندنەوەی دیواربەندەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە. هیچ پارچەیەکی تەلارسازی لە فەزادا تەنیا بە قەبارەکەیەوە کە کۆدی ناسینەوەی بێت وەك تەلارێکی تایبەت نابینیت، ئەگەر لە هەمان کاتدا بەها هونەری و ڕەمزییەکەشی نەبینیت، بگرە زۆر جار ئەمەی دواییان یەکەمیانت بیر دەباتەوە. زۆربەی کەنیسەکان و ئەکواپارکەکان، ئێستاش هەندێك لە فرۆکەخانەکان ئەم شوناسەیان وەرگرتووە.

2

بەم جۆرەش سەرمایەی مادی و پارە دەتوانێت وەك دەسەڵاتێك کار لەسەر دانایی بکات، دانایی ببێتە هۆی بەرهەمێهنانی زیاد لە دەستکەوتێك، کە یەکێك لەو دەستکەوتانە بەرهەمهێنانی کولتووری تەلارسازییە. هەر بۆیەشە تەلارسازی بە یەکێك لە ڕەگەزەکانی شارستانییەت دادەنرێت و بەشدارییەکی گرنگ و یەکلاکەرەوەی لە دروستکردنی شوناسی (National Identity) نەتەوەییدا هەیە. واتە دەتوانێت ببێتە هۆی ناسینەوە و جیاوازپیشاندانی مۆرکی نەتەوەیی گەلان و جوگرافیا جیاوازەکان. هەر بۆیەشە کاتێك مرۆڤ

[1] ڕێبوار سیوەیلی: پییەر بۆردیۆ و کۆمەڵناسیی فەلسەفی. هەولێر: ڕێکخراوی زەریاب بۆ خزمەتگوزاری کولتووری، چاپی دووەم: 2013، ل: 76-86.

دەچێتە وڵاتێك یەکەم ڕەگەزکە ســـەرنجی ڕادەکێشـــێت تەلارســـازییەکەیەتی بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە. کاتێك لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا بۆ ماوەی دە ڕۆژ سەفەری شاری (تۆرسهاونThorshavn)م لە وڵاتی (Færøerne/کۆمەڵەدوورگەی پەز)[2]، کرد ڕووبەڕووی قەبارەیەك لە ڕەنگ و شـــێوەی کولتووری بوومەوە، کە لە هیچ شـــوێنێکی دیکەی جیهان نەمبینینەوە. پێکهاتە و ڕەنگ و هارمۆنیی تەلارســـازیی شـــارەکە بەســـەر قەبارە بینایەکەیدا ئەوەندە باڵادەست بوو، کە وات دەزانی کەوتوویتە نێو شەپۆلێك لە ڕەنگی ئارامەوە.

3

ئێمە لە هەرێمی کوردستان سەرمایەدارییەتمان نییە، بەڵکوو پارەدارمان هەن. هەر بۆیەشە لە سیی ساڵی ڕابردوودا سەرمایەدارییەت لەم وڵاتەدا لە شێوە مشەخۆرییەکەیدا هەڵتۆقیوە بەبێ ئەوەی بتوانێت کولتوورساز بێت. بینایەی بەرزی قیت کردوونەتەوە، بەڵام نیشانەکانی تەلارســـازییان ئەوەندە لاوازە کە مرۆڤ هیچ متمانەیەکیان پێ ناکات. (لە یەکێك لە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکاندا) شـــارەزایەك ئەوەی خســـتە ڕوو کە "لەســـەدا نەوەدی پەرەشـــووتی ئاسانسۆری ئاپارتمانەکانی هەرێم ئێکسپایەر بوون و لە هەر ساتێکدا بۆیان هەیە بەر ببنەوە خوارەوە"[3]. پارەدارانی ئێمە لەبەر ئەوەی وەك ســـەرمایەدار بیر ناکەنەوە، حوکوومەتیشـــیان ئەســـیری ئەو هزرینە بەرتەســـکەی خۆیان کردۆتەوە و لە پلانێکی ڕێککەوتن لەســـەرکراودا بواری تەلارســـازیی ئێمەیان گۆڕی بۆ هەیکەلســـازی. پێچەوانەکەشی هەر ڕاســـتە ڕوانگەی حوکوومەتی ئێمە ئەوەنـدە دوورە لە ڕوانگەیەکی تەلارســـازییانەوە، ئەوەنـدە تەلارســـازی کردۆتە قوربانیی درووشـــمەکانی وەك (ئاوادەنکرنەوە) و (دەســـتکەوت)، کە پێویســـتی بەوە نەبێت تەلارســـاز و ئۆربانیســـتەکان بخاتە نێو بازنەی بەرهەمهێنانی خۆیەوە و هەموو پرۆژەکانی بە کۆمەڵێك ئەندازیار و بەڵێندەر ســـپاردوون، کە یان ئەوەتا گەندەڵیان کردووە و وڵاتەکەیان بەجێ هێشـــتووە، یانژی ئەوەتا کۆمەڵێك شـــار و هەیکەلیان لە شـــێوەی زبڵێکی گەورەدا بۆ بەجێ هێشتووین.

هەر بۆیەشـە کاتێك تەماشـای تەلارەکانی هەرێمی کوردسـتان دەکەین، کە لەم سـێ ساڵەدا دامەزراون، نەك هەر مۆرکی کولتووری کوردســـتانمان بیر ناکەوێتەوە، نەك هەر ڕۆحێکی

---

[2] https://g.co/kgs/V6TnH4.

[3] لەبەرنامەی کەناڵی ڕووداو: لەگەڵ ڕەنج کە لە پەیجی کەناڵەکەدا هەیە.

خۆماڵیانەیان نییە، بەڵکوو بە بەرچاومانەوە شارستانییەتێکی لە بلۆك دروستکراو دەبینین، کە هیچ بەهایەکی تەلارسازییانە و شارستانییانەی نییە. تەلارسازیی ئێمە بووە قوربانیی پارەدارانی بێ کولتوور، کە تەنیا وەك قەبارە و ڕواڵەت بیر لە تەلارسازی دەکەنەوە (چەند نهۆم بێت، شێوەی ڕواڵەتی چۆن بێت، ناوەکەی چەندە ئینگلیزی و ئەورووپی بێت و چ کەرەستەیەکی لە تورکیا و کوێ و کوێوە هاتبێت و...)؛ نەك وەك هەنگاوێکی گرنگ بەرەو شارستانییەتسازی و دروستکردنی شوناس. بەم جۆرەش ئێمە لە ماوەی ئەم سێ دەیەیەدا نەك هەر دەستکەوتی تەلارسازییانەمان نەبووە، بەڵکوو بیرۆکەی تەلارسازییش لە زانکۆکاندا پاشەکشەی پێ کراوە و دەستەمۆی ژێر میکانیزمەکانی بازاڕی ئاوەدانکردنەوە و پرۆژەکانی وەبەرهێنان کراوە و هۆشی ئەندازیارانە و تەلارسازییانە و بگرە شارسازییانەی ئێمە، بچووك کراوەتەوە بۆ سەر ئاستی هۆشی بەڵێندەر و ئەندازیارانی بندیوار و یەکەی ئەندازیاری نێو فەرمانگەکان، کە شارەزاییەکی باشیان لە مەزەندەکردن و خەمڵاندنی بڕی تیچوونی بوارەکانی تەلارسازییدا هەیە[4]!. (ساڵی 2006 و 2007 کاتێك داواکرا خەمڵاندنێك بۆ دروستکردنی بەشی فەلسەفە بکرێت، بەشی خەمڵاندنی وەزارەت و سەرۆکایەتی زانکۆ و لایەنەکانی دیکە، بڕێکی خەیاڵییان بۆ ئەو پرۆژەیە لەسەر ڕووبەری پێنسەد مەتر دووجا دیاری کرد، کە بووە ڕێگر لە بەردەم سەرفکردنیدا لەلایەن حوکوومەتەوە. بەڵام کاتێك مکووڕ بووین کە ئەو پرۆژەیە بدرێتە کۆمپانیایەکی دڵسۆزی بوارەکە، بڕی ئەو تێچوونە لە 580 ملیۆنەوە گەیشتە تەنیا نزیکەی 83 ملیۆن بە تایبەتمەندیی زیاتریشەوە، کە لەو کاتەوە تا ئێستا ئەو بەشە کەمترین چاککردنەوەی تێدا کراوە، هەرچەندە لە ڕووی تەلارسازییەوە ڕەنگە بەهایەکی ئەوتۆ نەبێت).

ئەم وێنەیە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بەشەکانی خەمڵاندنی ئەندازیاری و بەڵیندەرە بازاڕییەکان و تەنانەت سیاسەتی تەلارسازیی حوکوومەتیش هیچ گوێ بە بنەماکانی تەلارسازی نادەن و تەنیا بیر لە دروستکردنی قەبارە دەکەنەوە، نەك داهێنان و بەرهەمهێنانی هونەری لە ڕێگەی تەلارسازییەوە.



[4] Dilan M. Rostam: Evolved Sustainable Building Engineering in Vernacular Architecture of Kurdistan. *ARO Journal:* A Scientific Periodical Open Access Journal and has no APC & ASC. Vol. 5 No. 1 (2017): Issue Eight

وەك گوتم، لە زانكۆكانەوە دەستخراوەتە بینی بیرۆكە داهێنەرەكانی تەلارسازی و شارسازیی ئێمەوە. ئەمەش بواری پزیشكیشی ـ گرتۆتەوە. ئێمە چیدی تەلارساز و پزیشك و شارساز بەرهەم ناهێنین، بەڵكوو لە قوتابیانی خوێندكارمان ئەو ئەندازیارانە بەرهەم دەهێنین، كە بەشێك لەو وانانە ناخوێنن كە بۆ داهێنان لە بوارەكەیاندا پێویستن و ڕوانگەیان پێدەبەخشن بۆ ئەوەی بتوانن لە پشت دروستكردنی قەبارەی بیناوە، شارستانییەت لە ڕێگەی تەلارسازییەوە بەرهەم بهێنن. دەرچوانی بواری ئەندازیاری و تەلارسازیی ئێمە لە ژێر كاریگەریی ناچارەكی خواستی بازاڕدا، كە بە دەست پارەدارانەوەیە، بڕوانامە وەردەگرن، بەڵام لە واقیعی كاردا وەك بەردەستی بەڵێندەرە چاوچنۆكەكان مامەڵەیان لەگەڵ دەكرێت.

یەكێك لەو دوو وانانەی پێویستە لە هەموو ساڵەكانی خوێندندا بخوێندرێن و پسپۆڕی تایبەتی وانەكان بیڵێنەوە، وانەكانی ئاكار و جوانیناسییە، كە ڕەنگە لە پلانی هەفتانە و كۆرسەكاندا هەبن، بەڵام بەو ئاستە نین كە ڕوانگە و ڕوانین بە فێرخوازەكان ببەخشن[5]. ئەم دوو وانەیە هەریەكەیان دەبێتە هۆكاری زیادكردنی پابەندێتی و بەرزكردنەوەی جۆرایەتی و هەروەها فراوانكردنی جیهانبینیی مرۆڤ. لە نەبوونی ئەم ڕوانگەیەدا، بۆچوونی كردەییانەی بەڵێندەر بەسەر ئەندازیاردا باڵادەست دەبێت و ئەندازیار وەك بەردەست مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت، یان لە كارەكەی دوور دەخرێتەوە.

نەخوێندنی بنەماكانی جوانیناسیی كولتووری خۆماڵی لە هەموو بوارەكان و بەتایبەتی لە بواری خانووسازی خۆماڵی، یان بە گرنگ نەگرتنی؛ بەرهەمەكەی یان دەبێتە لاساییكردنەوە و كۆپیكردنەوە و دزیكردنی بیرۆكە، یانژی دەبێتە ئەو بینایانەی لە هەرێم دەیانبینین. یەكێك لە كاریگەرییەكانی خوێندنی جوانیناسیی تەلارسازی و ئۆربانیزم، ئەوەیە كە دەرفەت بۆ كولتوور و مۆركە خۆماڵییەكان دەڕەخسێنێت تا بە زمانی ئەندازیاری و تەلارسازی گوزارش لە خۆیان بكەن. قسەكە وا تێنەگەین دەمانەوێت بنەماكانی تەلارسازی و ئەندازیاری ملكەچی مۆركە كولتوورییە خۆماڵییەكان بكەین، بە پێچەوانەوە، مەبەستەكە ئەوەیە كە چۆن لە ناو زمانی ستانداردی تەلارسازی و ئەندازیاریدا ئەو كۆد و نیشانە و ئاماژە كولتوورییە خۆماڵییانە جێ بكەینەوە، كە دەتوانن جیاوازی دروستكەر بن. ئەگەر هەموو شتێك وەكیەكی لێ كرا، جیاوازی دەكەوێتە پەراوێزەوە و سەپاندن و لێكچوون و كۆپیكردنەوە دەبنە كولتوور. كولتووری ئێستەی تەلارسازیی ئێمە زیاتر مۆركی لاساییكراوەی خۆرئاوایی و توركی

[5] https://parametric-architecture.com/an-overview-of-antoni-gaudi-philosophy-and-work/.

وکوێ وکوێی پێوە دیارە نەك کوردستانی. ئەمەش یەکێکی دیکەیە لە نیشانەکانی جیاوازیی سەرمایەدارییەت و پارەداران: سەرمایەدارییەتی خۆرئاوایی ئاسانکاری دەکات بۆ ئەوەی پەیکەری شارەکەی، یان پڕۆژەی شارەوانییەکە بە بێگانەیەکی کورد بسپێرێت تا جیاوازییان بۆ دروست بکات. کەچی لێرە پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون بە ناوی بێگانەی سەیر و سەمەرەوە ناو دەنرێن، بێ ئەوەی وێنەیەکی کوردستانییانە بەم وڵاتە بدەن، کە شوێنەواری 14000 ساڵ نیشتەجێبوونی پێوە دیارە. ئاکرێ، ئامێدی، ماردین، هەورامانی تەخت، پاڵەنگان، و تەوێڵە نموونەکانی بەرجەستەی هەبوونی هونەری نیشتەجێبوونن لەم وڵاتە. لە ئێستادا زیاد لە چەند هونەرمەندی کورد لە دەرەوە دەناسم، کە لە ئەڵمانیا و هۆڵەندا و سوێد و دانمارك، ئەوکارانەیان پێ سپێردراون. نیاز بەیاتی، شوان کەمال، شۆڕش ئەمین و هووشار سەعید لەو هونەرمەندانەن.. بەڵام هەر ئەو هونەرمەندانە و چەندانی تر لە هەرێم جێگایان نابێتەوە، ئەمەش لە کاتێکدا کە هونەری پەیکەر و شارسازی لە کوردستاندا بە سفری ڕۆشنبیریی پەیکەرسازانە و تەلارسازییانەی خۆیدا تێپەڕ دەبێت، وێڕای چەند ڕیزپەڕێك. هەروەها دوو شارساز و ئۆربانیست دەناسم کە ئەوانیش (پ.ی. د. دیلان م ڕۆستەم و ئەندازیار فوئاد ئەحمەد)ن، کە هەریەکەیان خاوەنی چەندین پڕۆژەی ناوازەن و کەچی بەهۆی بیرۆکراسییەتی ئیداری و قەبووڵنەکردنیان لەلایەن تۆڕەداخراوەکانی ئەو بوارە لە حوکوومەت و کەرتی تایبەتیدا، بواری هیچ پڕۆژەیەکی ئەوتۆیان پێ نەدراوە.

خوێندنی ئاکارناسیش (Ethic)بە هەمان شێوە، کاریگەری لەسەر ڕوانگەی بواری تەلارسازی و ئەندازیاری هەیە، چونکە فیلتەرێکی بۆ دروست دەکات تا ئەوەی لە ڕووی ئاکارییەوە ڕێگەپێدراوە و خزمەت بە وڵات، ژینگە و مرۆڤ دەکات، جیا بکاتەوە لەوەی نائاکارییانەیە و هیچ پاساوێکی بۆ پێشخستنی تەلارسازی و ئەندازیاریی وڵاتەکە نییە. نەخوێندنی ئەم دوو بوارە، بە ڕوونی لەو پڕۆژانەدا دەبینرێن کە بەرهەم هاتوون، هەر لە شەقامەکانەوە، تا مۆڵ، باخچە، بانك، پرسگەی نێوان شاران و زۆر شوێنی دیکەش، کە دەکرا هەموویان ئەو زەمینەیە بن کە لە ڕێگەی تەلارسازی و فەزاسازیی ئەندازیارانەوە، بەشدارییان پێ بکرێت لە دروستکردنی شوناسی نەتەوەییدا بە زمانێکی ستانداردی جیهانی.

5

گەشت و گەڕان بە وڵاتاندا لە پرۆسەی گەشەکردنی سەرمایەداریدا، ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لەوەی سەرمایە بتوانێت گفتوگۆی نێوان کولتوورەکان و پەیوەندیی نێوان شارستانییەتەکان پێك بهێنێت. کاتی خۆی ئەسکەندەری مەکدۆنی بۆ داگیرکردنی هەر ناوچەیەك ڕۆیشتبا، نموونەیەك لە کولتووری یۆنانی/مەکدۆنیایی لەگەڵ خۆی بۆ ئەو ناچەیە دەبرد و بینای دەکردەوە. کاتێك ئەسکەندەر مرد، لە یادوەریی خەڵکی ئەو ناوچانەدا کە داگیری کردبوون، بەشە شەڕانییەکەی سوپای ئەسکەندەر نەمانەوە، یان زۆر لاواز مانەوە، بەڵکوو ئەو کولتوور و شارستانییەتەی ئەسکەندەر لەگەڵ خۆی بۆ ئەو شوێنانەی بردبوون، مانەوە و بوونە جێی شانازیی وڵات و شوێنە داگیرکراوەکان! خانووسازی بە بەردەوامی نیشانەی قارەمانی شارستانییەت بووە. ڕەنگدانەوەی هەبوون و باڵادەستی شارستانییەتی گەلان بووە. بەشێکی زۆری کولتوور و شارستانییەت لەم ڕێگەیەوە بۆ نێو کولتوور و شارستانییەتەکانی دیکە دەگوێزرێنەوە. لە جیهانی ئێستادا پێویست ناکات مرۆڤ وەك داگیرکەر بچێت بۆ قەڵەمڕەوەکانی دیکە، بەڵکوو دەتوانێت سەفەر و گەشتیان بۆ بکات و لێیانەوە فێر بێت و ئەوەی خۆیان پێ ببەخشێت.

پارەداری ئێمە چونکە هەڵگری کولتووری سەرمایەداری نییە، کاتێك سەفەر و گەشتیش بۆ شوێنەکانی دیکەی جیهان دەکات، نە هیچی پێیە بیبەخشیت، نە هیچیش دەهێنێتەوە و فێر دەبێت. پارەدار شت ئەکڕێت بۆ خۆی و ماڵ و منداڵی بەڵام هیچ شتێك بۆ وڵات و نیشتمانەکەی ناهێنێتەوە. کولتووری پارەدارانی هەرێمی کوردستان، لە کولتووری بنەماڵەپەرستی تێپەڕی نەکردووە. بۆیە ئەمانە نەیانتوانیوە، تەلارسازی، کە دڵی بازرگانییەکەیانە؛ وەك چالاکییەکی کولتوورساز و شارستانییەت دروستکەر بناسێنن. هەژاری و نەشارەزای لە کولتووری خۆجێیدا دەبێتە هۆکاری فێربوونێکی هەژارانەش لە کولتوورەکانی دیکە. تۆ کاتێك مێژوو و کولتووری پڕبەهای میللەتی خۆت نەناسی، نە لە پڕۆژەکانتدا ڕەنگدانەوەی دەبێت، نە لە خەمیی سازدانەوەیشیدا دەبیت.

6

جیاوازییەکی دیکەی نێوان پارەداران و سەرمایەداران لە هەستی نیشتمانیاندایە: سەرمایەدار بە زۆر شێواز ئەم هەستەی دەردەبڕێت: پێشخستنی زمان و گرنگیدان بە زمان لە ڕیکلام، نووسین، پێناسەی بەرهەمەکانی و نووسراوە فەرمییەکانیدا بە زمانی زگماك. ئەمە جگە لە

کڕینی بەرهەمی هونەرمەندانی وڵاتەکەی و ڕازاندنەوەی ئۆفیس و هوتێل و شوێنەکانی کارەکەی بە بەرهەمی هونەرمەندانی خۆماڵی. پارەدارانی ئێمە لە ڕووی بەکارهێنانی زمانی کوردییەوە زۆر لە پاشەوەن. هەندێکیان بە پاساوی ئەوەی (لە بەغدا گەورەبوون)، یان (بە عەرەبیی خوێندوویانە)! هیچ گرنگیی بە زمانی کوردی نادەن. واتە خودی خۆیان دەکەنە پێوەر لە بێتواناییاندا بەرامبەر بەکارهێنانی زمانی کوردی وەك ئەوەی ئەگەر خۆیان زمانەکەیان باش نەزانی؛ ئیتر ناتوانن لە بوارەکەشیاندا گرنگیی پێ بدەن. لێرەشەوە ڕەوایەتیی زۆر دەدەن بە زمانی بیانی و بە تایبەتیش زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، کە دوو زمانی خۆهەڵکێشانن لە بواری بازرگانی و بازاڕ و قازانجدا. لە زۆربەی هەرە زۆری قوتابخانە و زانکۆ و خوێندنگە تایبەتییەکاندا، زمانی کوردی لاواز کراوە، نەك لەبەر ئەوەی زمانێکە بە کەڵکی بازرگانی و پەروەردە و تەکنەلۆژیا نایەت، لەبەر ئەوەی خاوەنکاران خۆیان زمانی زگماك نازانن و لێی شارەزا نین. ئەگەر حوکوومەت سیاسەتێکی زمانی پتە و پشتگیرانەی سەبارەت بە زمانی کوردی نییە، خۆ پارەدارەکان دەیاتوانی ئەم کەموکوڕییە پڕ بکەنەوە. بەڵام نەبوونی هووشیاریی نەتەوەیی نەك هەر لە بواری زماندا، بەڵکوو لە بوارە کولتوورییەکانیشدا لەکن پارەدارانی کورد زۆر لاوازە. ئەوان دەیانتوانی لە گەشەی شارەکەی خۆیاندا، لە ڕازاندنەوەی هوتێل و ئۆفیسەکانی خۆیاندا بە سوودوەرگرتن لە بەرهەمی هونەرمەندان و بە گەڕانەوەیان بۆ زمانزانان برەوێکی زۆر زیاتر بە هونەر و زمان و کولتووری کوردستان بدەن. نەبوونی هەستی نیشتمانی و هاونیشتیمانییەتی ئەوانی بەرەو ئاقارێکی دیکە بردووە، کە لاساییکردنەوەی خۆرئاوا و خۆهەڵکێشانیانە بە زانینی زمانی بیانییەوە. یان هەڵواسینی تابلۆی بازاڕی (زۆربەیان چینی و ئێرانی) و دانانی گوڵی پلاستیکی. هەروەها نەبوونی هەمان هەستی نەتەوایەتی و هاونیشتمانێتی، لە ناونانی هوتێل، شار و گوندەکانیانە بە ناوی بیانی و بەکارهێنانی ناوی وڵاتانە بۆ پرۆژەکانیان؛ ڕەنگی داوەتەوە: (گوندی ئەمەریکی، لوبنانی، ئەڵمانی، کۆری، فەرەنسی و ئیتالی) و کوێ و کوێوە بۆ چاوبەستکردنی هاووڵاتییانی کوردستان و سەندنەوەی شانازیی لە ناوە کوردییەکان. بەمج ۆرەش نەبوونی ئەو هەستە وای کردووە پابەندێتی بە شوێنەوە لەلای پارەدارانی کوردستان لاواز بێت. ئەوانە بەو جۆرە تەماشای خاك و شوێن دەکەن، کە ئامرازێکە بۆ بەرزکردنەوەی پرۆژەکانیان، نەك ئامانجێکە بۆ دروستکردنی ژیانێکی جیاواز لەم نیشتمانەدا. هەر ئەم ڕوانگەیەشەوەیە کە ئەم پارەدارانە لە پاراستنی ژینگە و ژینواری هەرێمەکەدا ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نییە و پاشماوەکانیان

فرێدەدەنەوە نێو خاکی وڵاتەکە. ئەمە وێرای ئەوەی لە بەکارهێنانی کەرەستەی خاوی خۆماڵیدا تەواو کەمتەرخەمن و کەرەستەی هاوردەی تورکی و ئێرانی، وەك پیرۆز تەماشا دەکەن.

7

لە ناو ئەم barوودۆخەدا بواری تەلارسازیی ئێمە چی بەسەر هاتووە؟ یەکەم شت ئەوەیە کە چەمکی تەلارسازی، کە هاوکاتە لەگەڵ جێسازی، شوێنسازی و پێگەسازی لەو شتەی کە پێی دەگوترێت: پرۆژەکانی وەبەرهێنان و یەکەکانی نیشتەجێبوون؛ فرێدراوەتە دەرەوە چونکە هیچکامێك لەو پرۆژانە شوناسبەخش نین[6]، هاوپەیمانییەکی خراپی نێوان پارەداران، مقاولەکان و بازرگانان لەگەڵ بەشەکانی وەبەرهێنان لە (حوکوومەت، حزب و ئیدارەی شارەکان)، بۆتە هۆکاری ئەوەی کە تەلارسازی بە واتا ستانداردەکەی لە دنیای ئێمە فڕێ بدرێتە دەرەوە. لەگەڵ ئەم فرێدانەدەرەوەیەشدا جوانیناسی، ئاکار و ژینگەپارێزی و هێزی کاری خۆماڵی و چەمکی داهاتووش خراونەتە پەراوێزەوە و هەیکەلسازی جێگەی تەلارسازی گرتۆتەوە. نەبوونی چەمکی دوارۆژ، هەموو هزرینێکیشی۔ سەبارەت بە نەوەکانی داهاتوو بە پەراوێز خستووە: نەوەکانی داهاتوو لەلایەن ئەم پرۆژە بەناو تەلارسازییانەوە، دەکەونە ژێر بەزەیی ئێکسپایەربوونە یەك بەدوای یەکەکانی نیشتەجێبوون! هەیکەلسازی نەیتوانیوە و ناشتوانێت داهاتووخواز بێت، چونکە تەنیا لە ڕووی قەبارە و قەبەیی و هەڵچوونەوە بەرەو ئاسمان هەڵچووە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك تێشووی بۆ ڕۆچوون بەناو داهاتوودا پێ نییە و چاوەڕێی دارمانێکی پاشەڕۆژییانەیە، جا ئەوە درەنگ بێت یان زوو، جا ئەوە بە بوومەلەرزە بێت، یان بە قەدەری ئێکسپایەربوون. داهاتوو لەسەر بنەمای ئێکسپایەرەوە دروست ناکرێت، هەر وەك چۆن شوناس و شارستانییەتیش دروست ناکرێت.

دووەمین شت ئەوەیە کە چاوپۆشی لە دوو وانەی هەرە گرنگ لە بواری خوێندنی زانکۆییدا کراوە، کە ناخی ئەندازیاران و تەلاسازانی ئێمە بینا دەکات. هەتا ئەم دوو وانەیە مافی تەواوی خۆیان نەدرێتێ و لە پەیوەندی بە ژینگە و هەلومەرجی وڵاتەکەوە نەخوێندرێن، نەك بە

[6] لە پەیوەندی شوێن و شوناس بڕوانە:

- ڕێبوار سیوەیلی: دیاردەناسی شوێن و شوناس، سلێمانی: ناوەندی غەزەلنووس، 2015.

کۆپیکردنەوەی بابەتی لە دەرەوەڕا هێنراو بۆ ناو پۆلەکان؛ چارەنووسی تەلارسازی و پسپۆڕیی ئەندازیاری لە وڵاتی ئێمەدا نادیار و کارەکە هەر بەدەستی مقاولەکان و پارەدارانەوە دەبێت.

8

پێویستە پارەدار فێری کولتوورێکی سەرمایەدارانە بکرێت، بۆ ئەوەی پارە بتوانێت داهێنان و سەرمایەی ڕەمزی دروست بکات. بە مانایەکی دیکە پارە لە دەستی پارەداردا تەنیا چاوی لەپارەیە و تەنیا پارە وەك سەرمایە دەبینێت. ئەمەش وا دەکات کە پارە ئەو ڕۆڵە لە پێشخستنی کۆمەڵگەدا نەبینێت، کە پێویستە بیبینێت بۆ دروستکردنی شارستانییەت و شوناس. پارەی دەستی پارەداران خێری پێ دەکرێت، زەکاتی پێ دەدرێت، ڕیشووەی لێ دەردەچێت، "شیرینی" بە واتای "دەمچەورکردن"ی لێ دەردەهێنرێت و زۆر شتی دیکەش؛ بەڵام ناتوانێت داناییەك دروست بکات، کە پێویستە بۆ ئەوەی پارە ببێتە سەرمایەی ڕەمزی و دەسەڵاتێکی کولتوورساز و شوناسبەخش. تەنیا ڕێگەیەك بۆ چارەسەری و سنووردانان بۆ ئەم پارەپەرستییە بێ کولتوورە، بوێری و پرۆژەی ئەندازیار، ئۆربانیست و تەلارسازە لاوەکانمانن، کە هووشیارییان بەرامبەر ئەرکەکانی خۆیان، داناییان بە پسپۆڕییەکەیان و دڵسۆزییان بۆ نیشتمانەکەیان؛ وا دەکات لەگەڵ پارەداران مامەڵەیەکی تایبەت بکەن و یارمەتییان بدەن تاکوو ئاستی هووشیارییان بەرز بکەنەوە بۆ ئاستی بوون بە سەرمایەدار. ئەو کاتە پرۆژە هەیکەلسازییەکانی پارەداران دەچنە ئاستی پرۆژەی شارستانسازی و کولتوورسازی و شوناسبەخشییەوە.

9

بۆ تێگەیشتن لە خەسارناسی هەیکەلسازی لە هەرێمدا، نابێت هەر لێرەدا بوەستین: هەیکەلساز و خاوەنپارەکانی هەرێم، لە کەنار ئەو سیاسەتی ئاسانکارییەی لە حوکوومەتی هەرێمەوە بۆیان ئەنجام دەدرێت و کەس نییە مەچەکەیان بگرێت، خەریکی تەواوکردنی پرۆسەی بەعەرەبکردنی هەرێمن. کارێك کە بەعسییەکان پێیان ئەنجام نەدرا، ئێستا خاوەنپارەکان و هاوکارەکانیان لە ڕێگەی پرۆژەی نیشتەجیکردنی عەرەب و بە یاسا بەرکارەکانی دەستەی وەبەرهێنان لە حوکوومەتی هەرێمدا ئەنجامی دەدەن. ئەمەش هەیکەلسازیی پارەداران لەوەی پرۆژەیەکی بێ دەروەستی و ناژینگەپارێز و ناتەلارسازانە بێت،

دەکاتە پرۆژەیەکی تەعریبی سپی و هێواش هێواش پرۆژەکەی بەعس لە هەرێمدا بە ئامانجی خۆی دەگەیەنێت. هەرگیز پێمخۆش نییە لە گێڕانەوەی هونەریشـــدا بێگانەی لە دەرەوە هاتوو ببینم لە دنیای مندا ببێتە خاوەن هەموو شـتێك. ڕەسـەنێتی مانەوە و خاوەنداری بۆ خەڵکی خۆجێی دەهێڵمەوە، بەڵام هەستی بێگانەبوون لە بێگانان ناستێنمەوە. هەرگیز نابێت بێگانان لەســەر خاکی خانەخوێ ببنە خاوەن هەموو شــتێك و هەســتی بێگانەبوون و تاراوگەبوونیان لێ بەسـەنرێتەوە. خۆشـم بەو ئەزموونەدا تێپەڕبووم و لە وڵاتانی نامۆ ژیاوم و نەبوومە خاوەنی هیچ شـتێکی هەمیشـەیی، بۆیە هەرگیز ئەوەندە مرۆڤدۆسـتێکی گێل نابم پێمخۆش بێت بێگانەش لەسـەر خاك و کۆمەڵگەی مندا ببێتە خاوەن هەر شـتێك.. گێلێتی "مرۆڤدۆسـتیی ڕۆمانسـیانە" و سـیاسـەتی پێکەوەژیانی گێلانە خۆشـە بەڵام تێدا ژیانی ئازار بەخشە. پێمخۆشە لە برسان بمرم و بێگانە وەك خاوەنماڵ لە خاکی ڕەسەنی خۆمدا نەبینم. پەیوەندیی من بە خاکەوە، پەیوەندییەکی ڕیشـــەییترە لەوەی بە پارە کڕیبێتم. حزبی کوردی ئەوەنـدە نەزانە پێی وایە چونکە ئەوی تری بێگانە ســـەرچـاوەی دەرامەتە، دەبێت مـافی خاوەندارێتی بدرێتێ. ئەم پاساوە هەلی ڕەخساندووە ڕەوایەتی بدرێتە فرۆشتنی ڤیلا و خانوو و کۆشـــکەکان بە ئاوارە و بیگانەکان لەبەر ئەوەی پارەیان هەیە و ســـەرچاوەی جووڵەی ئابووریی کوردســـتانن. من دەســـەڵاتم هەبێت لەســـەر ئەرز یەك بســـت زەوی بە عەرەب نافرۆشـم، بەڵام لەو ئاسـمانە با هەموو تاوەرەکان بۆ ئەوان بێت. نووسـەر و بەناو ڕۆشـنیری کورد هەیە، ئەمە بە ڕەیســـیزم و کۆنەپەرسـتی تێدەگات. بەس من یەکســـەر بلۆکی دەکەم. بڕوام بە بەخشـــینی نیشـــتمان هەیە دوای ئەوەی بەدەســـتت هێنا، بەڵام پێش ئەوەی نیشتمانت هەبێت، هەڕاجکردنی کارێکی گێلانەیە.

10

یاســـا بەرکارەکارەکانی هەرێم لە بواری وەبەرهێناندا دەســـتی بێگانە دەگرن و زەوی هەرێمی کوردســـتانیان ڕادەســـت دەکەن. وەك لە کتێبی (قەفەسی ئاســـنین 2003)دا[7]، باس کراوە: بەعەرەبکردن و خۆبەعەرەبکردن مێژوویەکی دێرینەی لەســـەر خـاکی ئێمە هەیە. ئەگەر لە ئەبوویەقزانەوە تا ســـەدام حســـێن ســـیاســـەتی بەعەرەبکردن بێت، ئەوە لە ســـایەی یاســـا بەرکارەکانی هەرێم و لە بواری نیشـــتەجێکردنـدا پرۆســـەی "خۆبەعەرەبکردن" بە ڕوونی

[7] ڕێبوار سیوەیلی: قەفەسی ئاسنین یان بۆ بمەوە بەعێراقی؟، چاپی یەکەم، سلێمانی: 2003 ڕەنج، چاپی دووەم ڕێکخراوی زەریاب، هەولێر: 2020.

دەبینینەوە. ئەوەی لێرەدا بە بەراوورد بە سەرجەم مێژووی کورد جیاوازە ئەوەیە: لەو مێژووە سیاسییەی خەباتی کورددا هەمیشە "کێشەی کورد و کوردستان" وەك "شوناس و خاك"، یان "شوناسێکی خاکمەند" لە چەقدا بوون. بۆ مانەوە لەسەر خاکی کوردستان و بۆ بەرجەستەکردنی شوناسی کوردستانیانەی نیشتمانەکەمان بە هەزاران کەس خوێنی خۆیان ڕشتووە. ئەوەی گشت میللەتان چێژی لێ وەردەگرن و بۆتە مایەی بەختەوەرییان ئەم کوردە لە خۆی گرتۆتەوە بۆ ئەوەی شکۆی خۆی بپارێزێت و سنوور و کەوشەنەکانی لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدا بمێننەوە. لە ئێستادا تەنیا بە هۆکاری ئابووری و لەبەر ویست و قازانجی ژمارەیەکی کەمی وەبەرهێنەری کوردستان و بیانی، بەڵام بە پشتگیریی یاسایی و کارگێڕی و ئاسانکاری حوکوومەتی هەرێم؛ خەریکە کۆی شکۆی ئێمە و کۆی ئەو قوربانییانەی بۆ پاراستنی شکۆی کوردستان بوونەتە قوورباني لە بیر دەکرێت. کێشە نەتەوەی و مرۆییەکەی ئێمە هاتۆتە سەر دروستکردنی ڤێللا و باڵاخانە و فرۆشتنی بە عەرەبە بێگانەکان. ئەمەش ئەو جۆری بەعەرەبکردنەیە، کە هەرگیز عەرەبە شۆڤێنییەکان خۆیان نە بیریان لێ دەکردەوە و نە دەیانتوانی ئاوا ئاسان ئەنجامی بدەن. لەم فۆرمە نوێیەی بەعەرەبکردندا هاوکات بە تەعریبی ئایدیۆلۆژی و مەزهەبی (شیعەگەری و سوونییگەری)، چەندین ئاراستەی هزری تائیفیش هێنراونەتە هەرێمی کوردستان. ئەوەندەی ئێستا وردەکولتووری شوێنە جیاوازەکانی عێراقی عەرەبنیشین لە شارێکی وەك هەولێر دەبینیتەوە، لە شوێنی خۆیان بەو قورسی و تۆخییە نەماوە و لێرە لە سۆنگەی سەردەستەیی مێژوویی عەرەببییەوە بەسەر کوردا، لەلایەن ئەو خانووکڕانەوە زیندوو دەکرێنەوە. ئەوەی نایانەوێت کوردی فێر ببن، تێکەڵ بە فرەکولتووریی هەرێم ببن و شێوازی پێکەوەژیانی هەمەچەشن پەسەند بکەن، لەو ڕوانگە سەردەستەیی و پاشایەتیکردنەی عەرەبیزمەوە هاتووە. لە ڕوانگەی داهاتووناسانەوە، چەند ساڵێکی دیکە کورد و نەتەوەکانی دیکەی هەرێم دەبنە کەمایەتی و کۆتایی بە زۆرینەی هاووڵاتییانی هەرێم دێت. لە ئێستادا ئەمە بە ڕوونی دەبینرێت: لە شارێکی وەك گەنجان (گەنجان سیتی) لە هەولێر، ژمارەی دانیشتوانی عەرەب لە(5) هەزار کەس تێپەڕی کردووە. زۆربەی ئەم خێزانانە لە 4 بۆ حەوت و بۆ 14 منداڵیان هەیە لە سێ بۆ چوار ژن[8]. ئەمەش پێمان دەڵێت لە داهاتوودا ئەمانە نەك هەر دەبنە فاکتەری ئەمری واقیع بەسەر هەرێمەوە، بەڵکوو زمان و کولتوورەکەشیان دەبێتە واقیعێکی نکوڵی لێ نەکراو. ئەمەش لە کاتێکدا بە

[8] ئەو ئامارانەم لە شوێنی فەرمی وەرگرتووە و سەرچاوەکەیان پارێزراوە.

کۆی دانیشـــتوانی ئەم شـــارە لە کوردی هەموو پارچەکانی کوردســـتانی مەزن و تورکمان و مەســـیحی و ئاشـــووری و.. دانیشـــتووی ئەم شـــارە ناگاتە 3500 کەس. بەم جۆرەش لە داهاتوودا ئەگەر ژمارەی عەرەبە کرێیارەکان بە ڕێژەی لەسەدا 3%ش زیاد بکات، هەولێر پاش چەند ســاڵێکی کەمی دیکە دەبێتە شــارێکی زۆرینە عەرەب. ئەمەش وێڕای گۆڕینی شـێوازی ژیان، تام و چێژ، زەوق، ســەلیقە و کۆی ئەو فاکتەرانەی دیکە کە پیەر بۆردیۆ لە کتێبی (جیاوازی)[9]دا بەسەریان دەکاتەوە.

11

بەم جۆرەش هەیکەلســـازەکان هەر تەنیا پرۆژەی نیشـــتەجێکردن و وەبەرهێنان جێبەجێ ناکەن، بەڵکوو زۆر بە ئاشـــکرا درێژەیش بە پرۆســـەی بە عەرەبکردن دەدەن. ئێمەی کورد نەك لە عێراقدا، بەڵکوو لە ئێران و تورکیا و ســووریای جارانیشــدا مێژوویەکی تاڵمان لەگەڵ بەعەرەبکردن، بە تورککردن و بە فارســـکردن، یان بۆ نەرمکردنەوەی ئەم دەســـتەواژەیە: بە(ئێرانیکردن) هەیە. ئەو مێژووە هەر تەنیا دەستکاریکردنی دیمۆگرافییانەی کوردستان، یان سـیاسـانە و شـوناسی کورد نەبووە، بەڵکوو هاوشـانیش بەوە بەتاڵانبردنی کولتووری ڕۆحی و توندووتیژی و داگیرکاری ئایینی و ئایدیۆلۆژیشی. لەگەڵ بووە، ئەمە وێڕای لە پێشچاوخستنی نیشتیمان و زمانەکەمان و پێشینەی کولتووریمان بە ئاستێك کە چەندین نەوەی کوردستان خۆیان بە زمانی ئەوانی تری نەیار لەبارەی کوردبوون و کوردستانیبوونی خۆیانەوە دەدوێن.

بە عەرەبکردن ئەگەر لەســەرەتاوە شـیرینییەك، یان "دەمچەورکردنێك" بووبێت عەرەب لە هێرشی غەزوودا دابێتیان بە میللەتانی داگیرکراو، ئەوە هەمشـە هاوشـان و هاوکاتیش بووە بە پـرۆســـەی "خـۆبەعەرەبـکـردن" و "بەدووژمـنـکـردن"ی ئەوانی تـری غەیـرە عەرەب کە نەهاتوونەتە ژێر ڕکێفی مسووڵمانبوونەوە. "خۆبەعەرەبکردن" ئەو میکانیزمە بوو کە کورد بۆ وەرگرتنی دڵنیایی و پاداشــت خۆی تێدا بەشــدار بووە. ئەمەش لەســـەر بنەمای دۆزینەوە و خۆدانەپاڵی ڕەچەڵەکێکی عەرەبییانە بۆ خۆی بەند بووە. زۆربەی کاتیش ئەمە ئەو میکانیزمە بووە کە بنەماڵە و دەســـەڵاتدارە کوردەکان لە مێژوودا، بۆ پاراســـتنی بەرژەوەندییەکانیان پەنایان بۆ بردووە و ســـەجەلەیەکی عەرەبیانەیان بۆخۆیان داتاشـــیوە تا بیانباتەوە ســـەر کەسایەتییەکی ناوداری ئیسلام، بۆ نموونە (عەلی کوڕی ئەبوو تاڵیب)، یان هۆزێکی عەرەب.

[9] پی یر بوردیو: تمایز: نقد اجتماعی قضاوتهای ذوقی. ترجمەء: حسن چاوشیان، تهران: ثالث، 2011.

بەڵام "بەدووژمنکردن" زیاتر لەســەر یاخیبوونی کورد بۆ نەچوونە نێو ئەم داوەوە زانیاریمان دەداتێ و ئەوی تـر (عەرەب) خـۆی بەنـاچـار دەبـیـنـێـت کە لە (ئەوی تـر) کە کـوردە، "دووژمنێك" دابتـاشــێت. وەکچۆن "خۆبەعەرەبکردن" بەرئەنجـامی تێفکرینی کوردە بۆ تەسـلیمبوونی بە شـوناسـێك، کە خۆی نییە؛ لە کاتێکدا "بەدووژمنکردن" هەڵگری گوتاری ئەویترە لەســـەر کورد کە نـایەوێـت تەســـلیمی گوتـاری "خۆگونجـانـدنی کورد" بێـت لە چوارچێوەی پانعەرەبیزمی بەعســـییەکاندا. بۆیە "غەزوو" لە شــێوەی "ئەنفال"دا خۆی دووبـارە دەکـاتەوە. بەردەوامیی ئێســتـای ئەنفـال رێـك لە رێگەی وەبەرهێنـانی بواری هەیکەلسازییەوە بە ئەنجام دەگات.

بەعس کاتێك ئەنفالی کوردی کرد لەبەر ئەوە بوو ئەم پرۆژەی بەعەرەبکردنە لە ئاست کوردا بەتەواوی ســـەری نەگرت. بۆیە دەبوو کورد بە دووژمن بکرێـت و ئەوەش ڕەوایەتی بە ئەنفالکردنی بدات. لە پرۆسەی ئەنفال و بە دووژمنکردن و بە عەرەبکردندا، زمان و شوناس و کولتوور و زەوق و ســـەلیەقیەی ئێمەی کورد لە مەترســـییدا نەبوو، بەڵام لە پرۆســـەی تەعریبی سپی و نیشتەجیکردنی وەبەرهێنانـدا هەموو ئەمانە لە مەترسیدان.